# بایۆگرافیای یەشار کەمال



ئا: باران

-یەشار کەمال بە یەکێك لە گرنگترین ڕۆماننوسەکانی سەردەمی نوێی تورکیا دادەنرێت، ئەو لێشاوێکی بەردەوامی چیرۆکەکانە، چیرۆکێك لە نێو یەکێکی دیکەدا، هەروەها تەوژمێکی لەبیر نەکراوی یادگاریە کۆنەکان و گاڵتە و گەپ و پارچە هۆنراوە میللیەکانە.

-لە ساڵی 1923 دا لە ناوچەیەکی کوردی (گوندی غوکتشلی) لە پارێزگای وان لەسەر سنوری ئێران لە دایکبووە.

- خێزانەکەی کۆچیانکردووە بۆ ناوچەی جکوروفا لە نزیك دەریای ناوەڕاستداو ژیانی منداڵی و گەنجێتی لەوێدا بەسەر بردووە.

- لە ناوەندێکی گوندنشینی تێکەڵ لە کەلتوری تورکی و کوردی و تورکمانیدا گەورە بووە.

-لە تەمەنی پێنج ساڵیدا و بە بەرچاویەوە باوکی لەلایەن منداڵێکەوە، کە باوکی خۆی هەڵیگرتبووەوە دەکوژرێت و ئەم ڕووداوەش بووە هۆی ئەوەی توشی شۆك بێت و زمانی بگیرێت، بۆیە هەتاوەکو تەمەنی یانزە ساڵی، بە قورسی قسەیدەکرد، ئەم ڕووداوەش لە ڕۆمانەکەی (سەلمانی ئاشتیخوازدا) ڕەنگیداوەتەوە.

- یەشار منداڵی خێزانێکی هەژار بووە، لەبەرئەوە نەیتوانیوە خوێندن تەواوبکات و بڕوانامەیەکی بەرز بەدەستبهێنێت.

-کاتێك دەچێتە قوتابخانە تارادەیەك گەورە بووە، تاکە خولیای ئەوەبووە بخوێنێت و خوێندنی سەرەتایی تەواودەکات .

-دوای ئەوە سەرقاڵدەبێت بە وانەوتنەوەوە.

-لە سەرەتای گەنجێتیدا بووە بە ئەندام و چالاکێکی ڕەوتی مارکسی لینینی لە تورکیا و زۆربەی نوسینەکانیشی باس لە ناڕەحەتیغەکان و ژیان و ئەو ناخۆشیانەی ڕووبەڕووی گەلەکەی دەبێتەوە.

-کاتێك گەنج بووە و لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا بەندکراوە و لە کاتی گرتنیدا لەلایەن پۆلیسەوەو کۆمەڵێك کورتە چیرۆك و ڕۆمانی دەستیبەسەرداگیراوە، چونکە هەوڵیداوە هەڵوێستی شۆفێری تراکتۆرەکان یەکبخات لەکۆتایی دەیەی چلەکاندا. لە پیاوانی پۆلیس پاڕاوەتەوە، بۆئەوەی بە شوێن دەستنووسەکانیدا بگەڕێن و پاش ماوەیەك پێیانوتووە لەکاتی داگیرساندنی تەباخەکاندا بەکاریانهێناوە.

-لە نێوان ساڵەکانی 1941 – 1943 یارمەتی مامۆستای قوتابخانەی گوندەکەی داوە لە فێرکردنی منداڵانی گوندەکەدا.

- پاشان بەردەوام بووە لەسەر موتابەعەکردن و خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە بەردەوامی.

- هەمیشە خەونی بەوەوە دیوە ببێتە نوسەر، خەونەکەی وەدیهات و لە سەرەتادا چەند چیرۆکێکی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردەوە.

- دواتر لە ڕۆژنامەی جمهوریەت کە لە ئەستەنبوڵ دەردەچوو وەرگیرا، ژمارەیەك توێژینەوەی لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردەوەو بەهۆیەوە ناوەکەی وەك نوسەرێك دەدرەوشایەوە.

-بەردەوام بوو لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکانی، کە ڕووداوەکانی لە گوندە کوردی و تورکییەکانەوە وەرگرتبوو، ئەو ژینگەیەی کە تیایدا گەورە ببوو لە ناوچەی جکوروفا سەرچاوەی ئیلهامی زۆرێك لە کاراکتەر و مادەکانی ڕۆمانەکانی بوون، وێنەی ئێش و ئازارەکانی کرێکارەکانی ناو کێڵگە

کشتوکاڵیەکانی دەکێشا، هەروەها وێنەی ئەو پێشکەوتنەی دەکێشا، کە لە پاش بەکارهێنانی تراکتۆر لە کشتوکاڵدا بەدیهات و ئەو کاریگەرییە نەرێنیەی هەیبوو لەسەر کۆمەڵگە کشتوکاڵی و کرێکارەکانی ئەو کێڵگانە. هەموو ئەم ئەفکارانە لە رۆمانەکەیدا (داری هەنار) بەرجەستەکراون، کە کورتە رۆمانێکی چێژ بەخشە باس لە ناڕەحەتی و جوانیەکانی ژیانی جوتیارەکان دەکات لە دەشتەکانی جکوروفا، کاتێك تێدەکۆشن و کۆچ دەکەن لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دیکە بە مەبەستی گەڕان بە دوای کار و قوتی رۆژانەیاندا.

-لە ساڵی 1950 دا بە تۆمەتی شیوعی بوون دەستگیردەکرێت.

- شوێنی لە دایکبوونەکەی دەشتی (جکوروفا) مەیدانی سەرەکی زۆربەی رۆمانەکانیەتی، لەنێویشیاندا بەناوبانگترین کاری کە بریتییە لە رۆمانی (محمدی رێکتەندام) لە ساڵی 1955 دا بڵاوکرایەوە .

- بەهۆی نوسینە رەخنەییەکانیەوە، کە بەرپەرچی دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی دەکردەوە، پاش کودەتا سیاسیەکە لە ساڵی 1971 دا دەستگیرکراوە.

- لە ساڵی 1973 دا هەر بەهۆی ئەم رۆمانەشەوە ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد و بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب هەڵبژێردراو وەرگێڕدرا بۆ چەندین زمان.

-لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا رووبەڕووی یەکەمین ئەزمونی بەندکردنی سیاسی بووەتەوە، و بە تۆمەتی بانگەشەکردن بۆ جیابوونەوەی کورد تۆمەتبار کرا.

-لە ساڵی 1996 دا و بە هۆی رەخنەگرتنەکانی لە هەوڵە توندەکانی تورکیا بۆ هێرش کردنە سەر ناوچە کوردیەکانی باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا بە بیست مانگ زیندانیکردن حوکمدرا (لەگەڵ راگرتنی حوکمەکەدا).

-لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی 2008 دا و بەهۆی شەڕە بەردەوامەکانەوە ژمارەی کوژراوەکان بەرزبووەوە بۆ زیاتر لە 40,000 چل هەزار کوژراو کەمال زۆر بە توندی لەلایەن رۆژنامە تورکیەکانەوە هێرشی کرایەسەر، بەهۆی ئەو لێدوانە رەسمیەوە کە لەسەر جەنگی کوردی دابووی و وتبووی ئەم جەنگە وایکرد کۆتاییەکەی زۆر قورس بێت، هەروەها وتبووی «ئێمە بە گەریلا دەڵێین تیرۆریست و بە هیواشین کێشەکان چارەسەربکەن»، هەروەها لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا لە ئەنقەرە وتبووی «بووین بە دەوڵەتێك لە دژی خەڵکەکەی دەجەنگێت».

- یەشار کەمال زیاتر لە سی و هەشت خەڵاتی ناوخۆیی و جیهانی و بڕوانامەی دکتۆرای فەخری لەلایەن دامەزراوە و رێکخراوە و زانکۆ جیهانیەکانەوە پێبەخشراوە.

- لە 2015/2/28 دا لە تەمەنی نەوەد و دوو ساڵیدا بە هۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی کرد.

